

# ئاشنای نهێنییەکانی پرچت بە

خانمان هەندێ جار ئەوەندە بە دەست پرچیانەوە نیگەران دەبن، هەردەم دەڵێن : با ئێستا بچمە ئارایشتێك و هەمووی ببڕم، کاتێکیش کە پرچیان خاو و جوانە، لە دەست لێدان لە پرچیان ناوەستن و هەردەم خەریکی دەبن، تا هەردەم پرچت جوان و سەرنجڕاکێش بێت، دەبێ چەند هەنگاوێکی جۆراوجۆرت بنێی، بۆ خزمەت کردنی و چێ کردنی پرچت، پسپۆڕانی پرچ و تەسریحەش، چەندین زانیاری بۆ خانمان روون دەکەنەوە، ئەگەر ئەوانیش پابەندی ئەو زانیاریانە بن لە کاتی خزمەت کردنی پرچیان، تووشی هیچ گرفتێك نابنەوە و پرچیشیان هەردەم خاو و جوان دەبێت، لێرەوە بەو زانیاریانە ئاشنا بە تا پرچت ئەزیەتی پێنەگات و هەردەم جوان بێت :

- لە کاتی شووشتنی پرچت، هەوڵبدە بەر لەوەی شامپۆی لێبدەی، بە سەری پەنجەکانت پێستی سەرت بشێلی تا خانەکان چالاك بن، پاشان شانەی بکە، بەڵام ئەوەندە دەستت دامەگرە کە پێستی سەرت بریندار بێت، ئەو شێلانە و شانە کردنە با زیاتر نەبێت لە (٥) خولەك.

- شامپۆی زۆر بەکارمەهێنە، هەندێ لە خانمان وا بیر دەکەنەوە تا چەند شامپۆی زیاتر بەکاربهێنن، پرچیان جوانتر دەبێ، کەچی ئەوە هەڵەیە و هەر جارێك بڕی کەوچکێکی خواردن شامپۆ لەناو لەپت دابنێ و پاشان لە پرچت بدە، ئەگەر شامپۆکە زیاتر بوو، هەندێك ئاوی بەسەردا بکە و تا کەم ببێتەوە.

- بە نەرمی پرچت بشۆ، بە پەنجەکانت پرچت لە یەکتر بکەوە تا ئاو بە هەموو بەشێکی سەرت دەکەوێ و دوور بکەوە لە ئاوی گەرم، چونکە زیانی بۆ تاڵە مووەکانی پرچ و پێستی سەرت دەبێت.

- وا چاکە پرچت بۆ پێشەوە بهێنیتە خوارەوە کاتێك پرچت دەشۆی، تا شامپۆکە بە هەموو تاڵەمووەکان بکەوێت، کاتێك شامپۆ بە پرچتەوە دەبێت، یەکسەر ئاوی پێدا مەکە، با (٥) خولەکێك شامپۆکە بە پرچتەوە بێت تا بە جوانی هەموو تەڵەمووەکان بە شامپۆ دەبن.

- دوای شووشتن، هەوڵبدە بۆ ماوەیەك بوەستی تا هەرچی ئاوە بە پرچتەوەیە، خۆی بێتە خوارەوە، دواتر بە خاولی و بە نەرمی پرچت وشك بکەوە، پاشان بە شانەیەکی دەنك گەورە، پرچت لەیەکتر خاو بکەوە و تا بە تەواوی دەکرێتەوە، لە دوا هەنگاویشدا، بە ئامێری وشککەرەوەی پرچ (مجففە) و بە دەستەکانت تەواوی پرچت وشك بکەوە.

لە کۆتاییشدا، تەسریحەیەکی جوان بۆ پرچت بکە، پاشان ئەو دەرمان و کرێمانەی لێبدە کە خۆت مەبەستتە و حەزی پێدەکەیت.





# ملوانکەی زێڕین رازاوەترت دەکات

زۆربەی خانمان زیرەکن لە هەڵبژاردنی ئێکسسوار و زێڕدا، رەنگە زۆربەی جار ئەو کچانەی کەرەستەی جوان لەبەر خۆیان دەکەن، دەبنە جێگەی سەرنج و پرسیاری دەستەخوشك و هاورێکیانیان، کە چۆن ئەو پارچە جوانەی بە دەست کەوتووە و لە کوێی هێناوە ! ئەویش زۆر بە سانایی دەڵێ، لەو شوێنە بە دەستم کەوتووە، ئێستا زۆربەی خانمان حەز بە ئێکسسوار و کەرەستەی گەورە دەکەن، بە تایبەت بازن و گوارە و ئەنگوستیلە و ملوانکە، هەموو ئەوانەش کەرەستەیەکن کە خانمان دەتوانن لەگەڵ جلەکانیان رێکیان بکەن، تا لە جوانیدا بدرەوشێتەوە و لەبەر چاوی هەمووانەوە بە ئێکسسوارەکەی جوان و ژیکەڵە بێ، ملوانکە هیچی لە جل کەمتر نییە، تا مل و سینگ و گەردنی خانمان جوانتر بکات، ملوانکەی رەنگ زەرد و رەنگی زێڕین، جوانترین کەرەستەی جوانکارییە بۆ ئەو ماوەیە، لە وەرزی هاوین و گەرمادا، زیاتر جلی تەنك و کورت لەبەر دەکرێن، بەم چەشنە بەشێکی زۆربەی بەرۆك و سینگ بە دەرەوە دەبێ، لێرەدا دەتوانین ئەو بەشەی دیارە، بە ملوانکەیەکی قاش گەورە و بازنەیی، هەروەها لە رەنگی زەردی زێڕیش بێت، زیاتر جوانتر و رازاوەت دەکات، دەشتوانی ملوانکەیەکی زێڕ یان ئاو زێڕ لە ملت بکەیت و ئەوکاتە دەزانی چەند جوان لە بەرۆکت دەدرەوشێتەوە.




# رەنگی سپی نایابترین جلی دژە گەرما

ماوەیەکە کەشی کوردستان بەرەو گەرمی دەچێ و رەنگە لە مانگی داهاتووشدا زیاتر گەرمتر بێ، ئەو گەرما و تیشکی بەتینی هەتاو دژ بە جوانی و ناسکیی خانمانە، چونکە گەرما کاریگەریی نەرینی هەیە لەسەر جوانکاری پێست و لەش و لاردا، بۆیە لەگەڵ کۆتایی وەرزی بەهار و هاتنی وەرزی هاویندا، وەرزێکی گەرما دەست پێدەکات و بۆ چەند مانگێك بەردەوام دەبێ، وا چاکە خانمان خۆیان بە دوور بگرن لەو گەرمایە، ئەنجامەکەشی شێواندنی پێستی رووخسار و تێکدانی سیمای سەر و چاو، رەش بوون و پەڵەش گرفتێکی دیکەی گەرمایە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەرما و تیشکی بەهێزی خۆر، دەبێ خۆت لە جلی سپی نزیك بکەیتەوە، هەروەها پسپۆڕانی جوانکاریش دەڵێن: کە جلی سپی دژی گەرمایە و دەبێتە بەرەنگاربوونەوەی تیشکەکانی گەرما، وێڕای ئەوەی کە جلێکە نایابە لە جوانیدا، گوزارشت لە پاکی و هێمنی دەکات، تەنانەت زۆربەی پسپۆڕان رەنگی سپی جل و بەرگیان پێی جوانە، چونکە دەبێتە هۆی رەنگدانەوەی جوانیت کاتێك جلێکی سپیت لەبەر دەبێت.





# خانوویەک لە نەخش و شێوەی کەلتووری کوردەواری



ئەوانەی حەز بە کەلتوور و داب و نەریتی کوردەواری کۆن دەکەن، کە پێویستە وەك ئەرکێك ئەو سامانە نەتەوەییە بپارێزین، هەموومان دەبێ شانازی بە کەلتووری خۆمانەوە بکەین، چونکە پێناسەی نەتەوەییمانە و دەبێ هەموو کات بەرچاو و دیار بێ، هەندێ کەسیش بە حەز و خولیای خۆیانەوە کاری وادەکەن کە گوزارشت لە کەلتووری کوردی دەکات، وێڕای ئەوەی ئەو کارانە دەکرێن لە کردنەوەی پیشانگا و دروست کردنی کەل و پەل و نمایشی کوردەواری، بەڵام دەبێ هێشتا زیاتر لەو بوارە دەوڵەمەند بین، چونکە ئەوانە گوزارشت لە ژیانی پێشووی باب و باپیرانمان دەکەن، هەر بۆیە لە شاری هەولێریش سەراپای خانوویەك لەسەر نەخش و شێوازی کۆنی کوردەواری دروست کراوە، کە گوزارشت لە ماڵی و حاڵی جاران دەکات، بگرە لە کەرەستەکانی ژووری دیوەخان و نان‌دین و باخچەی دەرەوە، تەنانەت چەندین کەلوپەلی کوردەواری لەم خانووە دانراوە، ئەوەی بچێتە ناو ئەو خانووە وا دەزانێ کە سەردانی ماڵێکی کۆنی کوردەواری دەکات، ئەو کارەش دەبێتە بەرهەمێك تا پارێزگاری لە کەلتووری کوردەواری خۆمان بکات.



# گەورەترین چاو ببینە

جوانی هەموو درۆیە، شەرتی چاو و برۆیە، ئەوە قسەیەکە و لە نێو خەڵکدا باوە، بۆئەو مەبەستەیە کە ئەوانەی چاویان جوان و گەورە بێت، ئیدی ئەوەندە بەسە و ئەوانی دیکە گرنگ نییە، وادیارە ئەو گوتەیە بەر ئەو کچە ئۆکرانییە دەکەوێ، کە خاوەن گەورەترین چاوە، چاوەکانی هێندە گەورەن کە لە جوانیی تەماشاکردنی چاوەکانی دڵت تێر نابێت، (ماشا تێلنایا) ئەو کچە (٢٢)ساڵەیە، کە لە بواری نمایشکاری جلەوە کار دەکات، بە هۆی جوانی چاوەکانییەوە چەندین کار و پیشەی دەست کەوتووە، یەکێکیان نمایشی جل و بەرگە و ئەویش بەو کارە قایلە، ئێستاش بەهۆی چاوە گەورەکانی بۆتە نمایشکارێکی وڵاتەکەی و لە چەندین نمایشی ئەورووپی بەشدارە، جگە لەوەی کە چاوەکانی هێندە گەورەن، هەروەها درێژیی بەژن و باڵاشی دەگاتە (١٨٠) سەنتیمەتر.



# بەرلەسکۆنی لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەردەبێتەوە







سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتاڵیا (سەلڤیۆ بەرلەسکۆنی) لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی وڵاتی خۆی و دوای پێشکەشـــکردنی وتارەکەی بۆ جەماوەر(لە شاری جەنوەی ڕۆژهەڵاتی پایتەخت) بەردەبێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە بەرلەسکۆنی بانگەشەی بۆ بەربژاری حزبەکەی خۆی دەکرد بە ناوی (جیوفاتی تۆتی) کە یەکێکە لە ئەندامانی ئەو حزبەی بەرلەسکۆنی، ئەم هەڵبژاردنەش لە ٣١ مانگی گوڵان بەڕێوەچوو.

## شەکری (3D) یش دەرکەوت !

ماوەیەکە شـــێوە نەخشـــی (3D) لە زۆربەی بوارەکاندا جێگەی خۆی گرتووە، بگرە لە کەرەســـتە و شاشـــەکانی تەلەفزیۆن و تاتۆ و وێنەکێشانیشـــدا دەبینرێت، بۆیە ئەگەر ڕۆژێـــك چوویتە شـــوێنێك و داوای شـــەکرت کرد بۆ چا تاڵەکەت، ئەوانیش کۆمەڵێك نەخشی (3D)یان بۆت هێنا، سەرسوڕمان مەبە و خۆت تێکمەدە، چونکە ئەوەی دەیبینی شەکرە و لە شێوەیەکی دیکە دروست کراوە، وەکو ئەو شەکرە وردە نییـــە کە ڕۆژانە بەرچاوت دەکەوێت، ئەوەش بیرۆکەی هەردوو دیزاینەری فنلەندی (لیز و کایلی هاســـلین)ە، کە دوای ئـــەوەی پرێنتەرێکی (3D)یان دەســـت دەکەوێ بۆ دروست کردنی کەرەســـتەی جۆراوجۆر، ئەوانیش لەسەرەتا ئەو کارەیان کردووە، کە سوود لە شـــەکر وەربگرن بۆ دروســـت کردنـــی چەندین شێوە و نەخشـــی (3D)، لە داهاتووشدا نیازیان وایە چەندین کەرەســـتەی دیکە دروست بکەن و خەڵکیش بە کارەکانیان زیاتر سەرمەست بکەن.





**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

هەندێ لە هەست و نهێنییەکانت بپارێزە و مەهێڵە کەس ئاشنای بێت، ئەو کاتەی دڵت تەنگە و پێویستیت بە کاتە، پێویستە بچیتە دەرەوە و دوور بکەوە لە بیر کردنەوە، شێوازی ڕەفتارت جوانە و هەمیشە لەو کەسانە نزیك بە کە بیرۆکەی جوان بۆ داهاتووت دەخەنەڕوو.



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

ئازایەتی بەوە نییە بەرەنگاری کەسانی دیکە ببیتەوە، بەڵکو باشترە فەرامۆشیان بکەیت، تا خۆیان پەشیمان دەبنەوە، هەر کاتێك هەستت بە دڵتەنگی کرد، بیر لە ڕابردووە جوانەکانت بکەوە، چونکە ماوەیەکە ڕەشبینی و دڵت تەنگ دەکەیت.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

ڕێگەیەکی شیاوت هەڵبژاردووە لەگەڵ ئەو هەنگاوانەی ئێستات، باشترە ڕابردووش لە بیر بکەیت و کەسێکیش نیازێکی پاکی بۆت هەیە و ماوەیەکە خۆی لێت نزیك دەکاتەوە و مەبەستی پاکە، پێشبینی و بەراوردی کارەکانی داهاتووت بکە و دڵت کراوە بێت.



**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**

هەنگاوەکانت ڕێگەی باشیان بڕیوە و گرنگە لە ئەنجامەکانی دڵنیا ببیتەوە. هەندێ کاتت ماوە تا بە ئەنجامی ئەو کارەت دەگەیت، ڕێگەی داهاتووت سەختە، بەڵام کاتییە و دواتر کێشەکانت کۆتایی دێت، پەیوەندیی نێوان خۆت و کەسانی خێزانەکەت باشتر بکە، چونکە پێویستیان پێتە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

هێشتا کاتت پێویستە تا ئەو کارەی ئێستات بە تەواوی جێبەجێ بکەی. نزیکبوونەوەت لەگەڵ کەسێك مانای ئەوە نییە داهاتووتان بە یەکەوەیە، پێویستە زیاتر ئاشنای یەکتر بن، هەندێ لە کارەکانت بە خراپە بۆت دەگەڕێنەوە، واز لە بیر کردنەوە و خەیاڵ بهێنە.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەم ماوەیە بەهۆی گرفتێکەوە بێزاریت پێوە دیارە، بەڵام چارەسەری لەلایەن خۆتە، ڕێگەیەکی جوانت هەڵبژاردووە بۆ کارەکانت، ئەو کاتەی پێویستیت بە یارمەتییە، لەو کەسە داوا بکە کە ڕۆژانە لەگەڵتە، کێشەکانی ڕابردووت بە داهاتوو مەبەستەوە.

## ڤێلکاریی چاو

- لەم وێنەیەدا چەند چوار گۆشە هەیە، هەوڵبدە بیانژمێریت !



## کۆنترین تابلۆی نەخشینی لە کوردستان



کوردســـتان، پڕە لە شوێنەواری کۆن و ئاسەواری گرانبەها، کە ڕەنگە مێـــژووی بگەڕێتەوە بۆ هەزارەهـــا بەڵکو ملیونەها ســـاڵ لەمەوبەر، ئەوەی دەبینین یەکێکە لەو نموونانەی کە مێژووی بۆ (٣) هەزار ســـاڵ دەگەڕێتەوە و لە شوێنەواری بەکراوی شاری هەڵەبجەدا دۆزراوەتەوە، ئەو کەرەستەیە بریتییە لە تابلۆیەك، کە چەندین نەخش و وێنەی جۆراوجۆری لەسەر کراوە، تەنانەت ئەو جۆرە نەخشانە لە چەندین کەرەستەی دیکەشدا بەکارهێنراوە، وەك ئەوەی نەخش و گوزارشـــتی ئەو خەڵکە بێت کە لەناو ناوچەیە ژیاون، تابلۆکە بچووکە و لەسەر بەردا نەخشێنراوە.

## پێمەکەنە و دیاری وەربگرە


لە ســـەیرترین پێشبڕکێدا کە لە شاری شانسی لە وڵاتی تایوان بەڕێوە چوو، بریتیی بوو لەوەی کە هەر کەســـێك بتوانـــێ بۆ ماوەیەك خۆی بگرێت کە جووڵە نەکات و پێنەکەنێت، ئیدی خەڵاتێکی باشی پێشکەش دەکرێ، بە بەشداری نزیکەی (٥٠٠) کەس، پێشبڕکێیەکە بەڕێوە چوو، لەو کاتەی کەســـێك خـــۆی دەگرێ، یەکێکی دیکـــە دێت و گاڵتەی پێدەکات و قسەی خۆش و نوکتەی بۆ دەڵێ، مەرجە ئەو کەسە لە ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك خۆی بگرێت، لەم پێشبڕکێیەدا کچێکی تایوانی بە ناوی (لیانگ دانی) توانی بۆ ماوەی کاتژمێرێك و (٢٠) خولەك خۆی بگرێت و خەڵاتی پێشبڕکێیەکە وەربگرێت.



## ئەو دیمەنانەی


گـــۆی زەوی، پـــڕە لە دیمەنـــی جوان و ســـەرنجڕاکێش، کە هەندێکیان مرۆڤ تووشـــی سەرســـامیی دەکـــەن کاتێك ئەو شـــوێنانە بۆ یەکەم و دووەم جار دەبینێت، هەندێکیان شێوەیان وا دەردەکەوێ، وەك ئەوەی بە دەســـت نەخشی بۆ کرابێت، وەك ئەو






## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

هەمیشە لە کارەکانت دوادەکەوێت و پێویستە خۆت ڕێکبخەیت. ماوەیەکیشە کێشەت لەگەڵ کەسێکی نزیکت هەیە، هەوڵبدە تۆ بۆی بچیتەوە و مەهێڵە ئەو کارەت زۆر بخایەنێت، بە هەنگاوێکی چاك ڕۆیشتووی و لەو ماوەیە بیرکردنەوەت بەرامبەر ئەو کەسەش دەگۆڕێت.



## شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کاتێك کارەکانت بۆ داهاتوو ئەنجامی نابێت، دەبێ دووبارە بیر لە کارەکانت بکەیتەوە، چونکە ڕەنگە ڕێگەی هەڵەت هەڵبژاردبێت، شێوازی ڕەفتارت بۆتە جێی سەرنجی دەوروبەرت، کاتت پێویستە تا کەسێك زیاتر بناسێت،و ینجا ڕێگەی بدە لێت نزیك ببێتەوە.



## دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

هەندێ لەو کەسانەی دەوروبەرت نیازیان پاکە بۆت، تەنیا یەکێکیان نەبێت کە دەیەوێ گرفتت بۆت دروست بکات و لە ئەنجامدا خۆی پەشیمان دەبێتەوە، ئەو گرفتەی ئێستات کاتییە و چارەسەر دەبێ، بەڵام وریابە لە مامەڵەکردنت لەگەڵ دەوروبەرت، پێویستیشت بە گەشتێکە.



## گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

هەندێ لەو کارانەی ئەنجامی دەدەیت بۆ کەسێکی نزیکت، بەڵام ئاگاداری نییە و ماندووبوونت بەفیرۆ دەڕوات. کاتێك هەست بە کێشەکانت دەکەیت، کە بیر لە ڕابردوو دەکەیتەوە، هەوڵی داهاتووت بەرەو ئەنجامێکی باشتر دەچێت، بۆیە ئەوەندە دوودڵ مەبە.



## کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


ئاگاداری ڕەفتارت بە، چونکە کەسێك بە نهێنی چاودێریت دەکات، هەندێ لە هەنگاوەکانت پێچەوانە بۆت دەگەڕێنەوە، زۆر بیر دەکەیتەوە کە هەندێ جار ئازارت دەدات، گەشبین بە بۆ داهاتووت. ئەو کەسەش کە ماوەیەکە لێت دوورە، بەم زووانە بۆلات دەگەڕێتەوە.



## نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەو گرفتەی بۆت دروست بووە، ئەنجامی بێئاگایی خۆتە لە کارەکانت، مەهێڵە کەسانی دەوروبەرت بە نهێنییەکانت بزانن، چونکە دواتر لە دژت بەکاری دەهێننەوە، زیرەکیت بەکاربهێنە لە کارەکانی ڕۆژانەدا و ئەو کارانەی ئێستاشت بۆ داهاتووت ئەنجامێکی گەورەی دەبێت.

## پەند و وتە!



**- ئەنتوان چیخۆف دەربارەی ڕاستیی ژیان دەڵێ :**

هیچ مرۆڤێك ئاسوودە نابێت، تا ئەو کاتەی هەست بە تاڵی و نەهامەتیی ڕاستیی ژیان دەکات و لێی تێدەگات، چونکە کاتێك مرۆڤ لە خۆشیدا دەژی، هەست بە ژیان ناکات و لە خەیاڵدا دەژی.



## تابلۆ

**- تابلۆی (چاوەڕێم بکە) -**

ئەم تابلۆیە یەکێکە لە تابلۆ جوانەکانی (سۆفیا گینگیمبەر ئەندرسۆن) کە لە ساڵی (١٨٢٣) لە پاریس لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٠٣ کۆچی کردووە، ئەو وێنەکێشە زیاتر وێنەی منداڵ و ئافرەتی دەکێشا، چونکە زۆر سەرسام بوو بە جوانی منداڵ و ڕەوڵەتی ئافرەت، ئەو تابلۆیەی بەناوی (چاوەڕێم بکە) کردووە، کە منداڵێکە خۆی ئامادە دەکات و داوا دەکات بەجێینەهێڵن و چاوەڕوانی بکەن.

## مانای خەون

**- گوڵ -**

لەخەودا کەسێکی شکۆمەند و بە ناوبانگ و بە شەرەفە، یان گەڕانەوەی ئەو خۆشەویستانەیە کە دوورن لە یەکتر، گوڵ لێکردنەوە لە باخچە مانای پایە بەرزی و بەدەستهێنانی خۆشەویستییە، هەروەها ئەگەر ئافرەت لە خەودا گوڵی بە دەستەوە بێت، مانای جیا دەبێتەوە، یان کێشە و گرفتی بۆ دەبێت، هەروەها کوڕ و کچی گەنج لە خەودا گوڵیان لە سەر سەر بێت، زەماوەند دەکەن و بەرەو ژیانی هاوسەری دەڕۆن. بڕینەوەی گوڵ خەم و خەفەتە، گوڵی زەرد نەخۆشییە، گوڵی سووریش پارە و جوانییە، گوڵی سپیش پارە و سامانە.



## لە زەوی ناچن

شوێنانەی لە وێنەکاندا دەیبینن، پێکهاتووە لە دەریای سوور لە چین، دارستانی تاقانە لە ڤەنزویلا، ناوچەی سالبۆرگ لە وڵاتی نەمسا، گرکانی دالۆل لە ئەسیوبیا، هەموو ئەوانە ئەوەندە سەرنجڕاکێشن کە هەست ناکەی سروشتی بن.

